# وەزارەتی ناوخۆی ئیستای عیراق هەمان سیاسەتی حیزبی بەعس بەکار ئەهینیت بەرامبەر بە سجنەکان.. ! .. ئەکرەم عبدڵا

rodanakram@yahoo. coc

لە دوای داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمەریکاو هیزە هاوپەیمانەکانی هات و هاواری ئەوەیان ئەدا بە گویی خەڵکدا، کە عیراق ئەبیتە وڵاتیک کە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست چاوی لێ بکەن و ببیتە نموونەیەک بۆیان.

حیزبە ئیسلامیەکانی ناوەراست و خواروی عیراق و یەکیتی و پارتیش لە کوردستان کەوتنە بڵاو کردنەوەی پروپاگەندە و سازدانی شایی و لۆغان بۆ سیاسەتەکانی ئەمەریکاو، رۆژانە گویی خەڵکی عیراق و کوردستانیان بە مافی مرۆف و ریزگرتنی شەخسیەتی ئینسان و... هتد پر ئەکرد. خۆشکردنی ژیان و گوزەران و ریزگرتن لە مافی مرۆف و ئازادە سیاسیەکان ببووە مانشیتی سەر بڵاوکراوەکانیان. بەڵام زۆری نەخایاند پیچەوانەی قسەکانیان بۆ خەڵک ئاشکرا بوو. ئەوەی کە باسی نەبیت لە عیراقدا مافی مرۆفە، ئەوەی کە نرخی نەبیت ئینسانە، چونکە ئەحزابی ئیسلامی و قەومی فەلسەفە ی ووجودیان لە سەر ئەساسی پیشیلکردنی مافی ئەوانی تر دامەزراوە، وە ئەمەریکاش میژووەکەی لە حیزبە هاوپەیمانەکانی باشتر نییە. ئاخرین کاریان کە ئاشکرابوو لە ژیر زەمینەکەی وەزارەتی ناوخۆیان بوو کە نزیکەی 200 سجنی تیا شاردرابووەوە. ئەم سجنانە بێ ئەوەی هیچ تۆمەتیکی رەسمی و بەبێ ئاگاداری دادگا ماوەیەکی زۆرە گیراون بە شیوەیەکی نهینی و زۆر درندانە وەک و دەزگا سیخورەکانی حیزبی بەعس ئەشکەنجەیان داون، بە پیی ئەو هەواڵانەی کە بڵاو بۆتەوە دووانیان تووشی ئیفلیجی هاتون و ئەوانی تریش کە زیاتر لە هەفتەیەکە نانیان نەدراوەتێ، ئاخۆ چەند شوینی تر هەیە کە تاک و ئیستا ئاشکرا نەبووە بەو شیوەیە خەڵکی تییا شاردراهوەتەوە. ئەمە ئەو مافی مرۆفەبوو کە ئەیان ووت لە عیراقی نویدا ریزی لێ ئەگرین.

بە پیی یاسا نیودەوڵەتی یەکان ئینسان نابیت لە 24 سەعات زیاتر بگیریت بۆ لیکۆڵینەوە ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا نەسەپیندرا ئەبیت ئەزاد بکریت، بەڵام دیارە وەزارەتی ناوخۆی عیراق و ئەو حیزبانە کە لە حوکمدان خەڵکی عیراق بە ئینسان نازانن بۆیە بە پیی یاسای جەنگەڵ معامەلەیان لا گەڵدا ئەکریت.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەحزابە ئیسلامیەکانی تر داوای لیکۆڵینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی ئەکەن، گوایە ئەوان لەو حیزبە ئیسلامی و قەومیانە ئینسانی ترن کە لە حوکمدان، بەڵام میژوی سیاسی ئەوانیش پرە لە تاوان و ئەیانەویت رویەکی ئینسانی بدەن بە خۆیان. لە لایەکی ترەوە ئەیانەویت کیشەی شیعە مەزهەب و سوننە بە هۆی ئەم گیراوانە زیاتر بکەن، چونکە ئەمەریکاو حیزبە هاوپەیمانەکانی عیراقیان بەو ئاقارەدا بردووە بچوکترین کیشە روبدات ئەبیتە هۆی شەری قەومی و دینی و تائفی. عیراق ئەمرۆ هەرناوچەیەی بەدەست لایەنیکەوەیە، هەموو ئەم لایەنانەش دەزگای جاسوسی و سجنی خۆیان هەیە، وە نە ئەمەریکا و نە حیزبەکانی ناو دەسەڵات رازی نابن دەزگایەکی نیو دەوڵەتی لیکۆڵینەوە بکات لەم فەزیحەیە بۆ ئەوەی لیدان و ئەشکەنجەو کوشتن و بیسەرو شوین کردنی شوینەکانی تریان ئاشکرا نەبیت هەر لە کوردستان تا ئەگاتە خواروی عیراق، وە بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم کارەو کارەکانی تریان بە سزای خۆیان نەگەن و بیشارنەوە هەر وەک و چۆن لە ماوەی چەند ساڵی پیشودا وایانکردووە. بۆیە ئەبیت پیش هەر شتیک خەڵکی عیراق بە ریخراوە مرۆف دۆستەکان و ریخراوەکانی لاوان و ژنان ئەم کارە ریسوا بکەن و ئەنجامدەرانی بە سزای خۆیان بگەن، دیارە ئەم کارە بە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ کراوە، بۆیە ئەبیت لیپرسینەوە ئەوانیش بگریتەوە.

17/11/2005